www.kurdistannet.org
28-9-2006 11:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کامیان سودفە بوو، بەوەزیربوونی (چنارسەعد عەبدوڵلا)، یان کیمیابارانی هەڵەبجە؟!.. مەریوان نەقشبەندی**

ئەو کۆنفرانسەی خاتو چنار سەعد عەبدوڵا وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان تیایدا بەشداری کردبوو، سەبارەت بە شەهیدانی هەڵەبجە قسەی کردبوو من نەمدەزانی ناوەرۆکەکەی چییە و بڕواشم نەدەکرد کچەشەهیدێك، کیمیاباران کردن و شەهیدبوونی (5000) و بریندارکردنی (20000) کەس لە دانیشتوانی هەڵەبجە بە سودفە بزانێت و هەر لەبەرئەوەش من بێدەنگ بووم، هەتا ڕونکردنەوەی وەزارەتەکەی خاتو چنارسەعد کەوتە بەرچاوم،

سەرەتا پێم وابوو مامۆستا چنار لەو ڕونکردنەوەیەدا داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵك و کەسوکاری کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات و ئەو لێدوانە بە (زەڵلەی لیسان) دەزانێت کە لەسەر ڕیزبەندکردنی شەهیدانی کوردستان دابووی، کەچی (وتەبێژی فەرمی) وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان جارێکی دیکە دووپاتی لێدوانەکەی خاتوو چنار دەکاتەوە و دەڵێت ئەوانەی لەسەنگەردا شەهید بوون جیاوازە لەوەی لەماڵەکەی خۆی دانیشتوە و فرۆکەی ڕژێم هاتوە کیمیابارانی کردوە، بەواتایەکی دیکە لەلای ئەم وتەبێژە فەرمییە (کە حەتمەن دەبی بەرەزامەندی جەنابی وەزیر ڕونکردنەوەکەی دابێت)، ئەو پێشمەرگانەی لە ڕوبەڕووبونەوەی دوژمناندا شەهید بوون، پلەی شەهیدانەیان بەرزترە لە شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لێرەدا من وەك یەکێك لە ڕزگاربووانی کیمیابارانی هەڵەبجە و وەك ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی ئەو شارە کە دەیان کەس لە خزم و هاوڕێ خۆشەویستەکانم لەو کارەساتەدا شەهیدبوون، بۆ خاتوو چنار و ئەو وتەبێژە فەرمیەی وەزارەتەکەی ڕوون دەکەمەوە، کە ئەم وەزارەتە هیچ شتێك لە تایبەتمەندی هەڵەبجە و کارەساتی خەڵکەکەی نازانێت و ناشزانێت هەڵەبجەییەکان لەکەیەوە بڕیاری شەهیدبوونیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە!. خەڵکی هەڵەبجە لەماڵی خۆیان دانەنیشتبوون و فرۆکە هاتبێت کیمیابارانیان بکات، بەڵکو ساڵانێکی دووروودرێژە خەڵکی هەڵەبجە لەسەنگەری پێشەوەدان و بەرگری لە مانەوەی کورد و کوردستان دەکەن و وەك هەندێك شاری دیکە نەبووە کە بەحەیاتی کارەسات و ئاوارەییان نەدیبێت، ئەگەر دوو ڕاوێژکاری بەویژدان لە خەڵکی هەڵەبجە لەناو وەزارەتەکەتان هەبوایە بەم شێوەیە شەهیدانی کیمیابارانتان هەڵنەدەسەنگاند، کەمێك بە مێژووی هەڵەبجە و شارەزووردا بڕۆنەوە و بزانن خەڵکی هەڵەبجە لە کەیەوە بەخواستی خۆیان شەهیدبوونیان لەپێناو خاك و نەتەوەی کورددا هەڵبژاردوە؟! کاتێك سوپای ئێران لە 1988/3/15 دا هاتە ناو شاری هەڵەبجە و سنووری شارەکەی داگیرکرد، کەسێك نەبوو لەهەڵەبجەدا نەزانێت کە شارەکەیان بۆردوومان دەکرێت، دەلیلیش بۆ ئەوە زۆربەی ئەوانەی شەهیدبوون لەدەرەوەی ماڵەکانیان شەهیدبوون نەك لەماڵیخۆیان هەروەك وتەبێژە فەرمیەکەی خاتوو چنار دەفەرمێت. ئەگەر وەزارەتەکەی خاتوو چنار بەپێوەری ئازایەتی و جەربەزەییش شەهیدانی کوردستان ڕیزبەند دەکات ئەوا لەبەرئەوەی شەهیدانی هەڵەبجە زۆربەیان سیڤیل و بی چەك بوون و ئافرەت و منداڵ بوون و نەیانتوانیوە بەرگری لەخۆیان بکەن ئەگینا ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی هەڵەبجە لەهەشتاکاندا کە ڕژێمی بەعس لە لوتکەی دەسەڵات و توانا و ملهوڕیدابوو شایەتی ئازایەتی و گیان لەسەر دەستی دانیشتوانی ئەم شارە دەدات، ئەگەربەپێی نەریت و ڕێسا نێودەوڵەتیەکانیش بێت ئەوا تاوانی شەهیدکردنی خەڵکی سیڤیل و بی دیفاع و ئافرەت و منداڵ زۆر گەورەترە لە تاوانی شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی کوردستان کە بە خواستی خۆیان بڕیاری شەهیدبوونیان دابو.

لەکۆتاییدا داواکارم چیتر ئەم وەزارەتە لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕوونکردنەوە نەدات چونکە هەروەك گوتوویانە (عوزر لە قەباحەت خراپتر)، ئەو ڕونکردنەوەی پێشووی هەر نەدایە زۆر باشتربوو، منیش

دوای رونکردنەوەکە دڵنیابووم کە خاتو چنار ئەو ناحەقیەی بەرامبەر شەهیدانی هەڵەبجە و کەسوکاریان کردووە ئەگەر زۆریش لەسەر مەسەلەی (سودفە) قسە بکەن ئەوا ناونیشانی ئەم بابەتە دەکەمە پرسیارێك و دەیخەمە بەردەم رای گشتی پێش ئەوەی بیخەمە بەردەم ئەو وتەبێژە رەسمیەی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان...

Mariwan_na@yahoo. com